# دەنگی نارەزایی بەرەورووی
# داکۆکیکەران لە تاوانبارانی جینۆسایدی گەلی کورد

بۆ سەرکردایەتی:

**یەکیتی نیشتمانی کوردستان**

**پارتی دیموکراتی کوردستان**

**بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان**

هەر لە سەرتای هاتنە سەر دەسەلآتی رژیمی بەعسی فاشیست و بەتایبەت دوا پاشگەزبوونەوەی لە بەندەکانی بەیاننامەی ئازار ١٩٧٠، سەرانی ئەو رژیمە کەتنە بەرپاکردنی سیاسەتێکی نامرۆڤانەی بیٚ وێنە دژ بە خەلٚکی کوردستان، هەموو دەزگا سەرکوتکەرەکانی هێزی چەکداری سوپای عیراق و ئەمن وموخابەراتی خستەگڕ بۆ لە ناوبردنی شارو گوندو رەزو باخی کوردستان و بەدرندانەترین شێوە کەوتە بومباباران و رەشەکوژی وراگواستن و گرتن وداپلوٚسین ودەستدرێژی بۆ سەر ژیانی خەلکی بیٚ گوناهی ناوچەکانی کوردستان، بەپێی سیاسەتی پاکسازی رەگەزی بۆ سرینەوەی ناسنامەی گەلی کورد، تا گەیشتە رادەی ئەوەی هەلٚمەتی بەدناوی ئەنفال ئەنجام بدات و گازی کیمیاوی بەکاربهێنێت لە هەلٚەبجەو دەڤەرەکانی تری کوردستاندا، کە گەورەترین تاوانی دژ بە مرۆڤایەتیە لە سالآنی دوای شەری جیهانی دووەمدا. گومانی تێدا نیە کە ئەو سیاسەتە گلآوەی رژێمی سەددام، دلٚسۆزانە لە لایەن لێپرسراوانی دەزگا سەرکوتکەرەکان لە بەعسییەکان وفەرمانبەرانی سوپای عێراق و بەریوەبەرانی دەزگاکانی ئەمن ومخابەرات بە رێوە ئەچوو. لەوانەش سەرەك ئەرکانی پێشوو نەزار ئەلخەزرەجی کە لە بەر نواندنی چالاکی لە بواری تاوانکاریدا پلەی فەریق روکن و چەندەها نیشانەی ئازایەتی لە لایەن سەددامەوە پێدرا، ئیستا ئەو تاوانبارە لە وولآتی دانمارك کە لێی نشتەجێیە رووبەرووی دادگایکردن بوەتەوە بە تاوانی گێرانی رۆلٚی سەرەکی لە ئەنفالکردن و کیمیابارانی خەلکی کوردستان بە هەولٚ و ماندوبوونی دلسۆزانی گەلی کوردی ستەمدیدە و بەرهەلٚستکارانی رژیمی عێراق کە جێی رێز و شایستەی هەموو مرۆڤێکی ئازادیخواز و دلسۆزی گەلی کوردن. ئەو تاوانبارە لە تەقەلآی دەربازبوونە لەو هەلٚقەیەی کە تیایدا ئاخێنراوەو رۆژ لە دوای رۆژ تەسکتر ئەبێتەوە. بەلآم مخابن ئەوەی ئەیەوێت دەریبێنێت لەو تەنگانەیەدا ئێوەن کە سەرکردەی لایەنەسیاسیەکانی کوردستانن لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان، کە خۆتان بە پێشرەوی گەلی کوردستان ئەزانن بە دروشمی رەنگاورەنگ باس لە ماف رەوای ئەو گەلە ستەمدیدەیە ئەکەن، بە بەرهەمی خوێنی هەزارەها رۆلٚەی کورد و قوربانیانی قەسابخانەکانی ئەنفال و هەلٚەبجە بوونە خاوەن دەسەلآت لە کوردستانی ئەمرۆدا. کەچی لە بری وفاداری، هەستی هەزاران لە خێزان و منالٚ و کەسوکاری ئەو قوربانیانە پێشێل ئەکەن کە هەموو ئاواتی ئەوان بینینی ئەو رۆژە بوو کە تیایدا تاوانباران



www.kurdistannet.org

زەلیل و ڕسواكرێن، بە نامەناردن بۆ دادگای دانمارك نەوەستانەوە بەڵكو بەبێ سڵكردنەوە ئامادەی خۆتان بۆ شایەتی لە بەردەم دادگا دەربئەبڕن كە ئەو تاوانبارە بێ تاوانەو داواكارەكان نۆكەری ڕژێمی عیراقن.

دڵنیابن كە داكۆكی كردنتان لە نەزار ئەلخەزرەجی و ڕێزلینانتان لە دوژمنانی سەرسەختی گەلی بیچارەی كورد وەك وەفیق ئەلسامەڕایی و مشعان ئەلجبوری و بەكرێگیراوانی میتی توركیا، كەس فریو نادات و تەنها ئەو ڕاستیانە ڕوون ئەكاتەوە كە سیحری دەسەلاّت مەستی كردوون و لە ئاستیا نابینان. هەر ئەوەش بوو بو بە هۆی شەڕی ماڵوێرانی برا كوژی نیوانتان.

**ئێمە بە توندی نارەزایی خۆمان دەر ئەبڕین لەو هەلوێستە نا مەسئولانەی كە پەیرەوی ئەكەن دژ بە ئاوات و ئارەزووی گەلی كوردستان وداواتان لێ ئەكەین دەستی لیهەلگرن وچیتر سەوداكاری بە چارەنووسی خەلكی كوردستان مەكەن.**

**تكایە ئەگەر دەتەوێت ناوی رێكخراوەكەت یان پارتەكەت بخەیتە ژێر ئەم نارەزایی دەربڕینە بە ئیمایلی كوردستان نێت ئاگادارمان بكەرەوە.**

azadi@kurdistannet.org

١. ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالكردن و جینۆسایدی گەلی كورد – چاك
٢. كوردستان نێت
٣. كۆمەڵەی هیوای كوردستان لە سوید
٤. زور پێشكەوتنخوازان لە پاڵتاڵك
٥. ناوەندی رۆشنبیری كورد لە فینلەند

www.kurdistannet.org كوردستان نێت